# بۆ جەژنی رۆژنامەگەری كوردی

## 22 نیسانی ساڵی 1898

پێشكەشە بە مامۆستا جەمال خەزنەدار كە وەک ماندوونەناسێک، ماوەیەكی دوور و درێژە خۆی خەریكی كۆكردنەوە و لێكۆڵینەوەی گۆڤار و رۆژنامەی كوردی دەكات .



ئازان ، ئەو نووسەرە گەنجانە ئازان ، ئەو رۆژنامەنووسە تازانە گەلێک بابەتی بوێرانە دەورژێنن ، كە كاتی خۆی ئێمە مانان یا ئەوانەی لە بواری رۆژنامەگەری[رۆژنامەوانی] كاریان دەكرد، بۆیان نەدەهاتە سەر كاغەز.یەكێک لەو بوارە هەرە گرنگەی كە لەناو كورد دا فەرامۆش كراوە و دەكرێت مەسەلەی بابەتی [سێكسە] لە رۆژنامەگەری كوردی دا. {سەقافەی جنسی} ئەگەر بە كوردی ناوی بكرێتە {رۆشنبیری سێكسی} ئەوا لە بواری زمانەوانیش لەناو زمانی كوردی دا هەژارە و بۆ ووشە تاشین دەبێت بگەرِێینەوە سەر لاتینی یا زمانەكانی ئەورِوپایی یا عارەبی هەتا ببێتە زمانی نووسینی سێكسی .ئەو كەموكورتیە لەساڵانی خوێندكاری ئێمەدا بەدیار دەكەوت . لە خوێندنی بابەتی [احیاء]زیندەوەرزانی ئەگەر لەبیرم مابێت باسی منداڵ بوون دەكرا و یەكسەر ووشەی زاوزێ بەكار دەهات كەچی مامۆستای ئەو كاتە ئەو بەشەی پێتەرک دەكردین و دەیگوت دەزانم زۆرجارتان خوێندۆتەوە و پێویست ناكات بیخوێنن . مامۆستا راستی دەكرد و ئێمەی هەرزەكار وەكو سروود ئەو بەشەمان لەبەر دەكرد و لاپەرِەكانمان دەق دەكردن .هەر لەوێ فێری ئەوە دەكراین كەنابێت تۆی مرۆڤ بە ئاشكرا باسی ئەو كۆ ئەندامانەی لەش بكەیت كە لە پیاو و ژن هەیە و لە كۆمەڵگا بە [عەیب] نیشان كراوە. دایک بە هاواركردن بە كچەكەی دەڵێت [كۆشت داپۆشە][خۆت داپۆشە]، هەرچەندە كچەكەی 2ساڵان و 3 ساڵانیش تەمەنی بێت دەبێت كۆشی داپۆشراوبێت،ئەگەرنا عەیبە ، كەچی كورِەكەی هەتا دەبیتە 4ساڵان و 5ساڵانیش بە رووت وقوتی[بەبێ دەرپێ] لەناو ئاو و لە كۆڵانان یاری دەكات كەس پێی ناڵێت[عەیبە]و كۆشت داپۆشە و دەڵێن با هەوای لێبدات. ئا لەوێوە دیسان بۆ كچە ئەو مەحەرەمە سەرهەڵدەدا و بۆ كورِەش شتەكی تر. لەوباسە رەنگە من بە دیدەكی كۆنی بەر لە 40ساڵان قسان بكەم و بۆم نەكرێت ناوی ئەو بەشانەی لەش بهێنمە سەر كاغەز. ئیتر دەبێت ئەو باسانە ببێتە كاری رۆژانەی ژۆرِنالیست [رۆژنامەنووس][رۆژنامەوان] و باسی ئەو بابەتە گرنگانەش بخەنە بەرچاوی خوێندەواری كورد بۆ ئەوەی بەلایەوە ببێتە بابەتێكی ئاسایی .لە سەر لاپەرِەكانی گۆڤار و رۆژنامەكانی ئەورِوپی بە گشتی و سویدی بەتایبەتی گۆشەی لەوبابەتانە ئێجگار زۆرە و بڵاودەكرێتەوە كە باس لە بواری سێكس دەكەن .هەندێک رۆژنامەی بەناوبانگ گۆشەیەكی تایبەتی بڵاودەكەنەوە بۆ ئەوەی خوێندەواری رۆژنامەكە فێری سێكسی بكەن و پرسیاری ئاوا {{{بێشەرمانە بە قەولی لای خۆمان}}} دورژێنن كە بەلای خۆمانەوە سەیر دەبێت و لە عەیبەش دەردەچێت، كاتێک ژنە داوا لە سێكسەلۆژەكە دەكات بۆچی هەوەستی رابواردنی لەگەڵ مێردەكەی نەماوە یان هەزارشتی تر لەو بابەتە و ئەویش بۆی شێدەكاتەوە و وەڵامی پرسیارەكان دەنووسێتەوە و بڵاویش دەكرێنەوە .گەلۆ ئەگەر رێگا بە ژن و پیاو و كچ و كورِ بدرێت ئەو پرسیارانە بورژێنن و رۆژنامەكان بۆیان بڵاوبكاتەوە نابێتە بابەتی ئاسایی كە رۆژانە خوێنەر بەلایەوە ئاسایی دەبێت. كاتێک ناوی ئەندامەكانی لەشی ژن و پیاو باس دەكرێت و لەسەر لاپەرِەی رۆژنامەكان دەنووسرێتەوە دەبێتە عەیبە یان ئەو لاپەرِانە فرِێ دەدرێت و كەس بەلایەوە ناچێت . ئەی ئەوە نی یە تازە بەتازە باسی فرۆشتنی فلیمی سێكسی لە كوردستاندا دەكرێت كە گوایە رەواجی پەیدا كردووە كەچی لە ئەورِوپا وا خەریكە دوكانی فلیمی سێكس فرۆشی تەواو بێ رەواج دەبێت، چونكە لە ئینتەرنێت

هەرچیت بوێت بەبێ ئەوەی پارەی بۆ سەرفبکەیت بۆت دانراوە جارجارە لەبەرامبەرت بە ئاشکراش ئەو شتانە دەبینیت. یان گوایە تازەبەتازە لە کوردستان کەناڵە بازرگانییەکانی سێکسی کە شەوانە گەنجی پێوە خەریکن تاوەکو تەماشای فلیمەکان بکەن بە خۆڕایی نیشان دەدرێن و بڵاودەکرێنەوە. لە ئەوروپاش کەناڵەکانی دەوڵەتی ووردە ووردە ئەو فلیمانە قەدەغەدەکات یا نیشانی نادات بۆ ئەوەی خێزان لەکاتی تەماشاکردنی منداڵەکانی بزانێ سەیری کامە کەناڵ دەکات. هەموو ئەو کەناڵانە دەبێ پارەی تایبەتی بۆ بدەیت هەتا بۆت نیشان بدرێت وەکو لای خۆمان نی یە بە خۆڕایی پەخش بکرێت . ڕۆژنامەنووسەکانی کوردستان ئاسوودە دەبن ئەگەر بێتوو منداڵ لە باخچەی منداڵانەوە بۆی باس بکرێت هەر خودی منداڵەکە چۆن هاتۆتە دنیاوە و چۆن دایک و باوک ئەو خۆشەویستیە دەکەن و چۆن دەبێتە هێنانەدی ئەو ساوایانە. ئا لەوێوە فێردەبێت کە ئەو ئەندامانەی لەشیش بۆ لەشی مرۆڤ وەکو چاو و گوێی و دەست و قاچە و هیچ جیاوازی یەکی نی یە. لە ئەوڕوپا ئەو بەشانەی لەش بەو چاوە سەیردەکرێت بۆیە لەکاتی جلوبەرگ داپۆشیندا بە دەرەوەش بێت ئەوەندە گرنگ نی یە. ڕۆژی 22 نیسانی ساڵی 1898 یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی {کوردستان} لە قاهیرەی پایەتەختی میسر لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانەکان بە زمانی کوردی بڵاوکرایەوە .پڕ بە دڵ بۆ ئەو ڕۆژە پیرۆزاییی لە پەیڤ و ووشەی کوردی دەکەم کە کەوتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و کوردیش بووە خاوەن ڕۆژنامەی خۆی .

**فــەهــد گـــــردەوانی 2007/4/5 ستۆکهۆڵم**